

# چەپلەرەکان (چەپەوانەکان)

*دەڵێن: لیوناردۆ داڤێنشی زۆربەی تابلۆکانی بە دەستی چەپ کێشاوە

*دەڵێن: چەپلەرەکان لە نووسیندا خاون، لەبەر ئەمەش باوکەکان پێیان خۆشە نەوەکانیان بە دەستی راست بنووسن، زۆر جاریش بۆ ئەم مەبەستە لێیان تووڕە دەبن

و/ لە فارسییەوە: اکبر شمس الله

**وشەی بیتاوانی چەپ!**

ئەم وشەیە لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا بۆ شتی ناخۆش بەکاردێ، وەکو دەلێن: "فلانەکەس لەگەڵ من چەپ بوو، یان فلانەکەس چەپ چەپ سەیرم دەکات، یان زۆرجار منداڵیك دەستی چەپی بۆ دایکی دریژدەکات، دایکەکە تووڕە دەبێت و دەلێ: دەستە باشەکەتم بدەرێ! سەعدی شیرازی لە گولستانەکەیدا چیرۆکیك دەگیریتەوە کە دیسان لە قازانجی چەپلەرەکاندا نییە، دەلێ: "لە گەورەیەکیان پرسیبوو دەستی راست زۆر فەزیلەتی تیادایەو کەچی ئەنگوستیلە دەکریتە دەستی چەپ؟ ئەی نازان هەمیشە دەبیت ئەهلی فەزیلەت مەحروم بن؟! لە زمانی لاتینیدا ئەم وشەیە پیی دەوتریت (GAUCHE) کە بەواتای چەپلەر دیتەوە، لە زۆربەی وینەی کلیساکاندا هەمیشە دوو گروپ کیشراون، ئەو بەشەی کە خۆشەویستی خوایە لای راستی پیغەمبەرەکەوە دانیشتوون، بەڵام ئەهلی دۆزەخ هەمیشە لای چەپەوە دانیشتوون.

(بنیامین فرانکلین) تەنها کەسیك بوو کە 1789 بە سوودی چەپلەرەکان نووسیویتی: دەستی چەپ و راست کە یەکیکیان زۆر بەکارهات، دیاردەیەکی دەرەوەی سروشت نین، بەلکو کۆمەلگە ئەم باوەرە نابەجییانە لە بارەی چەپلەرەکانەوە بڵاودەکاتەوە.

**هونەرمەندان و ناودارانی چەپلەر**

دەڵێن: " لیوناردۆ داڤێنشی زۆربەی تابلۆکانی بە دەستی چەپ کێشاوە (مایکل ئەنجیلۆو پەگەنینی)یش چەپلەربوون، هەورەها دەڵێن: "چارلی چاپلن لە فیلمێکدا بەدەستی چەپ زۆر بەخێرایی دەستە وەرەقەکانی بڵاوکردۆتەوە.

**هۆی چەپلەریی و ژمارەیان**

لە سەرچاوەکاندا هاتووە کە 5–10٪ی هەر کۆمەڵگەیەك چەپلەرن، لەو بارەیەشەوە کە بۆچی مرۆڤ چەپلەرە، پزیشکەکان دەڵێن: " لای راستلەرەکان نیوە بازنەی چەپی مێشك زۆرترەو لای چەپلەرەکانیش نیوەی راستی مێشك زیاترە، کەواتە چەپلەرەکان نیوەی مێشکی لای راستیان زیاترە، بۆیە دەستی چەپیان بەهێزترە.

**ناسینی چەپلەرەکان لە کاتی منداڵیدا**

لە هەندێ شوێنی بەخێوکردنی منداڵ زۆر گرنگی پێدەدەن و بۆ ئەم مەبەستە چەند شتێك بەکاردەهێنن، تا ئاڕاستەی زاڵبوونی دەستی چەپ و راستی پێدیاری بکەن، بۆ نموونە قەڵەمێك، یان شتێکی جوان، دەخەنە بەرچاوی، کە دەستی بۆ دەبات دەتوانرێت زاڵبوونەکەی دیاری بکرێت.

**ئایا چەپلەریی دیادەیەکی بۆماوەییە؟**

نەخێر، چونکە هەندێکجار دایك و باوك بەدەستی راست دەنووسن، بەڵام منداڵەکەیان بە دەستی چەپ دەنوسیت، یان دایك و باوك بە چەپ دەنوسن و منداڵەکەیان بەراست دەنوسیت.

**هەندێ کیشە**

دەلین: "چەپلەرەکان لەنوسیندا خاوو لەسەرخۆن، خیرا نین،. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی دایکان و باوکان زۆریان لیبکەن تا بەدەستی راست بنوسن. خانمیك کەئیستا کورەکەی بەریوبەری کارخانەیەکە دەلی: "**کورەکەم چەپلەربوو، بەڵام بە داخەوە لە کاتی منداڵیدا زۆرم ئازار دەدا تا بە دەستی راست بنوسیت و دەستی چەپی بۆ نوسین بەکار نەهینیت**".

پزیشکەکان لەو باوەرەدان کەنابیت بە هیچ جۆریك زۆر لە منداڵە چەپلەرەکان بکریت تا بەدەستی راست بنووسن، کە ئەمەش لە خۆیدا هەلەیەکی گەورەیە، لەلایەن دایکان و باوکانەوە ئەنجام دەدریت.

بەهۆی ئەو لیکۆلینەوانەی تائیستا کراون زۆر لە چەپلەرەکان دەستی راست بەکاردینن ئەمەش لە ئەنجامی زۆرو فشاری خیزان یان مامۆستا یان بە چاولیکردنەوە دەستی راست بەکاردینن.

کۆمەلیك لەو باوەرەدان کە چەپلەرەکان خەتیان ناخۆشە، ئەمەش راست نییە، چونکە لە ناویاندا زۆر خۆشنوسیش هەیە، یان دەلین چەپلەرەکان زۆر زیرەك و هۆشمەندنین و لەناو زۆر خیزاندا ئەم شتە باوە، بەڵام لیکۆلینەوە زانستییەکان ئەم بۆچوونە رەتدەکەنەوە، چونکە جیاوازیی نیوان چەپ و راستەکان لەم بوارەدا نییە.

**ئایا چەپلەرەکان تایبەتمەندیتی جیایان هەیە؟**

وەکو چۆن کەسیك لە زۆربەی ئینسانەکانی تر جیاوازبیت، خۆشبەختانە چەپلەرەکان ئەو تایبەتمەندییەیان هەیە، بۆ نموونە لە یاریی فوتبۆلدا چەپلەرەکان لەلای چەپەوە لە رۆلی گرنگیان هەیە، یان لە یاریی تینسدا، کە بەرامبەرەکەی ناتوانیت بە ئامادەییەتی تەواوە رووبەرووی بیتەوە، بۆیە سەرکەوتن بەدەستدینن.

**چەپلەرەکان لەکاتی کارکردندا**

دوای لیکۆلنەوەیەکی زۆر لەناو هەزاران کریکاردا، ئەوە روونبۆوە کە چەپلەرەکان کیشەی کارکردنیان نییە، لەوانەیە لە سەرەتادا تووشی هەندێ کیشە ببن، بەڵام رۆژانە فیردەبن و لەوانی‌تر کەمتر نابن.

هەندێ مامۆستا لەو باوەرەدان، چەپلەرەکان لە خویندنگەدا بەشیوەیەك دادەنیشن کە ئازادو رەحەت بنووسن، یان کورسی تایبەتیان بۆ بکرێ، بەهەرحاڵ چەپلەرەکان لەکاتی نوسیندا خاوو لەسەرخۆن، لەبەر ئەوەش دەبیت لەکاتی تاقیکردنەوەدا ماوەی زیاتر بەمجۆرە خویندکارانە بدریت، هەرچەندە کاتی کۆتایی هەر تاقیکردنەوەیەك زانراوەو دیاریکراوە.

**بەشە چەپەکانی تری لەش**

وەکو زانراوە چاوو گویی چەپیش هەن، بەڵام بە داخەوە لەم بارەیەوە لیکۆلنەوەو زانیاری زۆر کەمن.

**نووسینی: حسین عەلی مکوندی.**

**رۆژنامەی همشهری ژمارە (2678)**